# ڕاوبۆچونەکان
# سەبارەت بەناوی هەڵەبجە

سەرهەڵدانی هەر شارێك پرۆسەیەکی مێژووی و شارستانی زۆر دژوار و دووروودرێژە کە کۆمەلێك فاکتەری سروشتی و مرۆیی بەدرێژایی چەندان ساڵ بەشدار ئەبن لەدروست کردنیدا لەبەر ئەوە دروست کردنی شارێك هەروا کارێکی ئاسان و سادەنیە, شاری هەڵەبجەش بەهەمان شێوەیە بۆیە دەمانەوێت پێش هەمووشتێك ئاماژە بەناوی هەڵەبجە بکەین و ئەو ڕاوبۆچونانەش کۆبکەینەوە لەسەر ناوی شاری هەڵەبجە تۆمارکراون.

بەشێوەیەکی گشتی شاری هەڵەبجە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەلاتی عێراق,لەسەر هێڵی درێژی (٤٦)پلەی ڕۆژهەلات و نێوان دوو بازنەی پانی (٣٥-٣٦)باکور,هەڵەبجە دەکەێتە دووری (٧٦)*کم لەباشوری ڕۆژهەلاتی شاری سلێمانی ,ئەم شارە ڕووبەری خاکەکەی بریتیەلە (١٥٣٢)**کم [١] لە ٩,٣٩٪ڕوو بەری هەموو پاریزگای سلێمانی پێك دەهێنێت [٢] وە نزیکەی (٧٢٦)م لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە[٣] هەڵەبجە دەکەوێتە گۆشەی باشوری ڕۆژهەلاتی دەشتی شارەزوور و پێدەشتەکانی شنروێ و بالاٌمبۆ,وە بەرزترین بەش لەهەرێمی دەشتی شارەزوور داگیر دەکات و تێکرای بارانی سالانەی نیکەی (٦٣٧)ملم دەبێت [٤] لەهەمان کاتدا ئاو و هەوایەکی مامناوەندی هەیە[٥] بەپیچی بیروبۆچونەکانی مێژوونوسان دەڵێن هەڵەبجە لەدەورووبەری سالاچنی(١٦٥٠-١٧٥)*** دروست کراوە و دەست کراوە بەئاوەدان کردنەوەی,بەمەش هەڵەبجە بووە بەیەکێك لەشارە ناوازەو دلڕفێنەکانی کوردستان و هەچواردەوری شوێنی سەیرانگەیەو دیمەنێکی جوانی بەشارەکە بەخشیوە.

وەك ئاشکرایە هەموو شارێك کەلە سەرەتاوە درووست دەکرێت ناوی تایبەتی خۆی هەیە بەلاٌم لەقۆناغەکانی مێژوویدا بەهۆی تۆمار نەکردنی مێژووەکەی و تەمومژی لەمێژوویدا دۆزینەوە و دەست نیشان کردنی ناوەکەی هەروا کارێکی ئاسان نیە بەتایبەت ئەگەربێت و چەندین ڕاو بۆچونی جیاواز لەسەر ناوەکەی هەبێت , شاری هەڵەبجەش یەکێکە لەو شارانە کە دەرختنی ناوەکەی و یەك بۆچونی لەسەر ناوەکەی بۆچونی وردوو دروستی دەوێت چونکە تائێستا ڕوون نەبوەتەوە لەڕووی زمانەوانیەوە لەچیەوە هاتووە,بەلاٌم بەشێوەیەکی سەرەکی و گشتی چەند ڕاو بۆچونێك سەبارەت بەبنەڕەتی ناوی هەڵەبجە وەك لەم بۆچونانەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە:

***<u>یەکەم</u>***: لەدەورروو بەری سالی(٣٥٠٠پ.ز)سەرگۆنی ئەکەدی هێرشی کردوەتە ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور ئەوکاتە بەهەڵەبجە وتراوە (هارهار)دوابەدوای شەرێکی خوێناوی گرتیان و سارگۆن ناوی ناوە (کار شارۆکین)بەواتای شاری سارگۆن[٦]بەلاٌم ئەم بۆچوونە بەدوور دەزانرێت چونکە ناوی (هارهار) هەر زوو گۆڕاوە کراوە بە(کارشارۆکین) [٧] وە لەهەندێك شوێنیشدا بە(خارخار) هاتووە هەمان وشەی(هارهارە)

***<u>دووەم</u>***:هەندێکی تر دەڵێن: ئەو شوێنە زۆر دلگیربووە بەهۆی باخ و بێستان و ئاو شینایەوە پێیان وتووە (عەجەب جا) کەبەمانای شوێنێکی سەرسوڕهێنەر پاشان ناوەکەی گۆڕاوە بە (هەڵەبجە)[٨]

***<u>سێیەم</u>***: هەندێکی دیکە پێیان وایە ناوی هەڵەبجە لە( هەلۆژە)وە هاتوە چونکە هەڵەبجە کاتی خۆی باخی هەلۆژەی زۆری تیابووە بەلگەش بۆ ئەوە ئەوەیە هەتا ئیستاش دانیشتوانی گوندەکانی نزیکی هەڵەبجە بەهەڵەبجە

دەڵێن(هەڵەوجە) کە ئەمەش لەوشەی هە(هەلوژەوە) نزیکە بەڵام لەڕاستیدا ئەمە ناچێتە عەقڵەوە چونکە لەمێژوودا (ئەڵەبجە) بووە نەك هەڵەبجە بۆ نمونە لەسەردەمی عوسمانیەکاندا بە هەڵەبجەیان وتووە (ئەڵەبجە قەزاسی) واتە قەزای هەڵەبجە.[٩]

***چوارەم***:هەندێکی دیکی دەڵێن: کاتێك خەڵکی ناوچەی کرماشان لەڕێگەی بازرگانیەوە ڕۆشتوون بەرەو (حەلەب) ی سوریا بینیویانە کە ئاو و هەوای ئەو ناوچەیە لەوەی هەڵەبجە دەچێت و ناویان ناوە (حلب چە) واتە (حەلەبی بچکۆلە) حەلەب شارێکی خۆشە و (چە) ئامرازی بچوککردنەوەیە,بەڵام نوسەر پێی وایە ئەمەش وەك ئەی سەرەوە دورە لەڕاستیەوە.[١٠]

***پێنجەم***: هەندێکی دیکە دەڵێن: ناوی هەڵەبجە لە( هەڵۆجێ) وە هاتوە ئەم وشەیەش دوو بەشە (هەڵۆ) لەگەڵ(جێ) واتە شوێنی هەڵۆ, هەڵۆ یەکێك بووە لە میرەکانی میر نشینی ئەردەڵان کەماوەیەك لەنێوان سالاچنی(١٦٠٠-١٦١٥) میرایەتی ئەردەڵانیەکانی کردوە لەناوچەی(گوڵ عەنبەر) کە خورماڵی ئیستایە.[١١]

***شەشەم***: هەندێکی دیکە دەڵێن ناوی هەڵەبجە لە(ئەلبجێ) وە هاتوە کە لەدوو وشە پێك دێت(ئەڵەب+جێ) واتە جێگەی ئەڵەب, وتراوە ئەڵەب ناوی جولەکەیەك بووە لەسەر دەمی فەرمانڕەوای (بیگەبەگی ئەردەڵان)دا هاتوەتە ناوچەکەو یەکەمین ئاوەدانی تێدا کردوەتەوە[١٢] لەڕاستیدا ئەلب سەلجوقیە نەك جولەکە چونکە مێژووی هاتن و نیشتە جێبوونی جولەکەکان لەهەڵەبجە زۆرکۆن نیە دەگەڕێتەوە بۆ دوای جافەکان [١٣] وە جگە لەوەش پێمان وای جافەکان ئاوەدان کەرەوەی هەڵەبجەن نەك جولەکە.

***حەوتەم***: هەندێکی وەك جەمال بابان پێیان وایە ناوی هەڵەبجە لە( البجە) وە هاتوە,وە گۆڕینی ناوەکەش لە بۆ هەڵەبجە شتێکی ئاساییە لەزمانی کوردیدا بەتایبەت شێوە زاری جافی کە تێیدا (ئەلف) دەگرێت بۆ(هێ) وەك (ئومێد) بۆ ( هومێ) [١٤] تەنانەت ناوی هەڵەبجە لەبەڵگەنامە دەست نوسەکانی کتێبخانەی (مەلاعەبدولای خەرپانی) و لێکۆڵینەوکانی (مێجەر سۆندا) هەر بەشێوەی (البجە)یان(Alabja)ئاماژەی پێدراوە [١٥]

***هەشتەم***: هەندێکی دیکە دەڵێن: ناوی هەڵەبجە لە(ئەلەبجە)ی (ئەلەب ئەرسەلانەوە) هاتوە کە میرێکی دەوڵەتی سەلجوقیەکان بووە لەکاتی سەردانیدا بۆ کوردستان بە هەڵەبجەدا گوزەری کردوە ناوی لێناوە( ئەڵەب جا) واتە شوێنی ئەلەب ئەرسەلان [١٦]

***نۆیەم***: لەساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانیشدا, بەتایبەت لەساڵنامەی ژمارە (٤)ی ١٨٥٠ ناوی هەڵەبجە بە(علوچە) هاتووە,مێژووی ئەم ناوەش دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم,کەبەچەند ڕێنوسێکی جیاواز نای هاتووە,بۆنمونە لەساڵنامەکانی ١٨٥٠-١٨٦٩ بەناوی (عەلەوچە) و دواتر بە (عەلەوجە) ناوی هاتووە وەك قەزایەکی لیوای سلێمانی,بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەبەڵگەنامەکانی تردا بە (ئەلەبجە) و بەکەمیش بە (حلبجە)بەکارهاتووە و جاروباریش بە (ئەلیجە)ش بەکار هاتووە.بەهەمان شێوەش محمد خورشید پاشا لەکتێبی سیاحەتنامەی حدودا ناوی هەڵەبجەی بە(البجە،ئەلەبجە) هێناوە.

لەڕاستیدا ئێمە پێمان وایە ناوی هەڵەبجە لەناوی (( ئەلەجە-البجە)) وە هاتوە ئەمەش بەپشت بەستن بەزۆری ناوی دووبارەی (ئەلەبجە) وە بەهەمان شێوەش جەمال بابان ڕای تەواوەتی لەسەر ئەو ناوەیە واتە ئەلەبجە. بەم

شێوەیە هەموو ئەم ناوانە گوزارشت لەناوی شارێکی خاوەن مێژووی وەك هەڵەبجە دەکەن ئـەمڕۆ لەسـەر ئـەرزی واقعدا بوونی هەیە و شارێکی ناسراوە.

*ڕوونکردنەوە:*

*سەبارەت بەدووی شاری هەڵەبجە لەسلێمانیەوە لـەنێو سەرچـاوە مێژووییەکانـدا ڕاوبۆچـوونی جیـاواز هەیـە هەرنوسەرەو ژمارەیەکی دیاری کردوە,هەندێك دەڵێن ٨٤کم و هەنـدێکی دیکـە دەڵـێن ٨٠کـم و نوسـەرێکی دیکەش بە٨٧کم و هەندێکی دیکە دەڵێن ٧٦کم و هەندێکی دیکە ئەم دووریەبە ٨٣کم دەخەملێنن .

**سەبارەت بەرووبەری شاری هەڵەبجەش بەهەمان شێوە بۆچـونی جیـاواز هەیە,هەنـدێك دەڵـێن ڕووبەرەکـەی نزیکەی ١٥٩٤کم[٢] وەهەندێکی دیکـە دەڵـێن ١٥٩٩کـم[٢] وەبۆچـونێکی دیکـە بـە ١٥٢٣کـم[٢] دەخـەملێنن و نوسەرێکی دیکەش بە١٥٩٢,٤کم دەیخەملێنێت.

*** سەبارەت بەساڵی دروست کردنیشی وەك ئەوەی سەرەوە بۆچونی جیاواز هەیە, هەندێك ئامـاژە بەسـاڵێك دەکەن و هەندێکی دیکە بەماوەی نێوان ساڵ,بەم شێوەیە هەندێك دەڵێن پێش ساڵی ١٧٠٠ و هەنـدێکی دیکـە دەڵێن دوای ساڵی ١٧٠٠ و وە هەندێکی دیك ئاماژە بەنێوان ساڵ دەکـەن پێیـان وایـە دروسـتکردن و ئـاوەدان کردنەوەی دەکەوێتە نێـوان سـاڵی ١٨٥٠-١٨٦ وە هەنـدێکی دیکـە دەڵـێن دەکەوێتـە نێـوان سـاڵی ١٦٥٠-١٧٥٠,ئەم جیاوازیە لەژمارە و ساڵ لـەگرنگی شـاری هەڵەبجـە کـەم ناکەنـەوە و ئێسـتا شـارێکی ئاوەدانـە و قۆناغەکانی مێژووی تا ئەمڕۆ بڕیوە و وەك شارێکی ئاوەدان و ڕازاوە خۆی دەنەخشێنێت.

## سەرچاوەکان

*کتێب:*


١. خەبات عەبدولا:هەڵەبجە مەملەکەتی ژیان,چاپخانەی ڕەنج,چاپی یەکەم,٢٠١٠,ل ١٣-١٤
٢. عادل صدیق: هەڵەبجە(١٨٨٩-١٩٣٠)چاپ و پەخشی نوسەر,چاپی یەکەم,٢٠٠٨,ل ل ١٥-١٩
٣. بەکرحەمەصـدیق عـارف: لاپەڕەیـەك لەمێـژووی هەڵەبجـە(١٧٠٠-١٩٥٨)چـاپخانەی گەنج,چـاپی دووەم,٢٠٠٧,ل٦
٤. حەکیم مەلاساڵح: هەڵەبجە لەئامێزی مێژوودا,بـەرگی یەکەم,چـاپخانەی منارە,چـاپی یەکـەم,٢٠٠٤, ٣٦-٣٧
٥. محمد خورشید پاشا:سیاحەتنامەی حدوود,و,مەحمود هۆمەر باوزی,بلاوکراوەی ناوەنـدی فێربوون,چـاپی یەکەم,٢٠١٩,ل٢٥٣

*گۆڤار:*

١. هۆشمەند عەتا:خوێندنەوەیەك بۆمێژووی هەڵەبجە: گۆڤاری هەشتاوهەشت: ژمارە(٥-٦)ساڵی دووەم,بەهار و هاوینی ٢٠٠٦

٢. مونیرە عەلی ڕەحیم:کورتەیەکی مێژووی هەڵەبجە:گۆڤاری هەشتاوهەشت: ژمارە(٥-٦)ساڵی دووەم,بەهار و هاوینی ٢٠٠٦

٣. فەیرۆزحسین عەزیز: کورتەیەك سەبارەت بەمێژووی هەڵبجەو فاکتەرە جوگرافیەکانی سەرهەڵدانی وەك شارێك: گۆڤارری هەورامان:ژمارە(١٢)ساڵی ٢٠٠٨

٤. سامان سەلاح: هەڵەبجە لەچەند بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفی عوسمانیدا,گۆڤاری خاڵ,ژمارە(١٢)ئابی ٢٠١٧,ل١١١

*ڕۆژنامە:*

*١. هیوا رەحیم: لاپەڕەیەك لەمێژووی هەڵەبجە ,ڕۆژنامەی شانزەی سێ,١٦-٣-٢٠١١*

## نوسینی
## ئارام مەجید شەمێرانی

